

کۆمپانیای شووشەشۆری

بێنێردیوان

نووسەر: **ڕۆڵد داڵ**

وەرگێڕان و داڕشتنەوە:

خوسرەو شایانفەر

کۆمپانیای شووشەشۆری بێنێردیوان

نووسەر:

ڕۆلد داڵ

وەرگێڕان و داڕشتنەوە:

خوسرەو شایانفەر

سرشناسه	: دال، روآل، ۱۹۱۶ - ۱۹۹۰م. Dahl, Roald
عنوان و نام پدیدآور	: کومپانیای شووشه‌شوری بی نیردیوان/ نویسنده رولد دال؛ [تصویرساز کوئنتین بلیک] ؛ مترجم خسرو شایان‌فر ؛ ویراستار کامبیز ابراهیم‌زاده.
مشخصات نشر	: مهاباد: میژوو، ۱۳۹۹.
مشخصات ظاهری	: ۵۵ ص.: مصور (رنگی)،؛ ۱۴/۵ × ۲۱/۵س‌م.
شابک	: 978-622-97709-9-3
وضعیت فهرست نویسی	: فیپا
یادداشت	: کردی.
یادداشت	: عنوان اصلی:The giraffe and the pelly and me, 1998
یادداشت	: گروه سنی:ج.
موضوع	: داستان‌های تخیلی
موضوع	: Fantastic Fiction
موضوع	: داستان‌های ماجراجویانه انگلیسی
موضوع	: Adventure stories, English
موضوع	: زرافه‌ها – داستان
موضوع	: Giraffes – Fiction
موضوع	: پلیکان‌ها -- داستان
موضوع	: Pelicans – Fiction
شناسه افزوده	: بلیک، کوئنتین، ۱۹۳۲ - م.، تصویرگر
شناسه افزوده	: Blake, Quentin
شناسه افزوده	: شایان‌فر، خسرو، ۱۳۶۲-، مترجم
رده بندی دیویی	: ۱۳۰ادا
شماره کتابشناسی ملی	: ۷۵۴۹۰۵۹

کۆمپانیای شووشەشۆری بێنێردیوان

نووسەر: Roald Dahl

وەرگێڕان و داڕشتنەوە: خوسرەو شایانفەر

پێداچوونەوە: کامبیز ئیبراهیم زادە

پیتچن: حەمیدە قادرزادە

ڕووبەرگ: خوسرەو شایانفەر

چاپ: یەکەم ١٣٩٩

ناوەندی بڵاوکردنەوە: نەشری مێژوو – مەهاباد

شابک: ٩٧٨٦٢٢٩٧٧٠٩٩٣

بۆ...

سیوەیل و ڕێژنە

ئەم بەرهەمە، وەرگێڕانی چیرۆکێکی نووسەری ناوداری بریتانیایی "ڕۆڵد داڵ"ە، لەژێر ناونیشانی"the Giraffe the Pelly and me" .
ئەگەرچی "ڕۆڵد داڵ" وەک یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی چیرۆکی منداڵان ئەژمار دەکرێ بەڵام لە وڵاتی ئێمە زۆر ناسراو نییە.
بەهۆی ئەوەیکە ئەم چیرۆکە تا ڕادەیەکی زۆر، پڕە لە ناوی خواردەمەنی جۆراوجۆر کە بۆ زۆربەی خوێنەرانی کورد نامۆن، وەرگێڕانی دەقاودەقی، چێژێکی ئەوتۆی نەدەبوو. بە سرنجدان بەو گرفتە، بڕیارمدا بە ڕەچاوگرتنی چوارچێوەی چیرۆکەکە، هێندێک لە بەشەکانی بە دڵخوازی خوێنەری کورد دووبارە داڕێژمەوە. هیوادارم ئەو دەستێوەردانە، لە چاوی ڕەخنەگرانەوە بە کارێکی پێویست سەیربکرێ و لە ئاکامدا وەک کارێکی جیاواز بخرێتە نێو گەنجینەی ئەدەبی کورد

لە گەڕەکی ئێمەدا، لە تەنیشت ڕێگا، باڵەخانەیەکی چۆڵی، بڵیندی لێیە. پێم خۆشبوو چاوێکم بە ژوورەکەی کەوێ بەڵام هەمیشە داخراوە. کاتێکیش لە پەنجەرەکانی‌ڕا لە ژووری دەڕوانم، تەنیا تۆزوخۆڵ و تاریکی دیارە. دەزانم نهۆمی خوارێی دوکان بووە، چونکە لەسەر دەرگاکەی نووسراوەیەکی کاڵبووەی لێیە،کە لەسەری نووسراوە "غوڕابی فرۆشی". دایکم تێیگەیاندم کە قەدیم بە شیرینییان دەگوت، "غوڕابی"، هەربۆیە هەموو جارێک کە سەیری دەکەم، بیر لەوەی دەکەمەوە کە کاتی خۆی چ شیرینیفرۆشێکی خۆش بووە.

لەسەر شووشەی دوکانەکە، کەسێک بە خەتێکی ناحەز نووسیبووی: بۆ فرۆشتن. بەڵام بەیانییەک دیتم بۆفرۆشتنەکە پاککراوەتەوە و لە جیاتیان نووسراوە: فرۆشرا.

بۆ چەند خولەکێک لەبەر دەرگاکەی وەستام و لێی ڕامام. هیوام دەخواست ئەمن کڕیبام، چونکە دەمتوانی دواتر کە گەورە بووم سەرلەنوێ بیکەمەوە بە غوڕابیفرۆشی. هەمیشە پێم خۆشبوو شیرینیفرۆشییەکم هەبا.

شیرینی‌فرۆشی من هەرلەسەر عەرزی‌ڕا هەتا بەری میچی، پڕ دەبێ لە نوقڵ و شیرینیات و کیک و باقلاوە و شیرینی لە هەموو جۆری. چم لێ‌دەکرد ئەگەر ئی‌من با!!!!

ئاخرجارکە چوومەوە سەیری غوڕابی‌فرۆشییەکە و لە تەنیشت ڕێگاڕا سەیری ئەو باڵەخانە بەرز و جوانەم دەکرد، لەپڕڕا وانێکی حەمامی زەلام، لە یەکێک لە پەنجەرەکانی نهۆمی دووڕا، فڕێدرا دەرێ و لە ناوەڕاستی ڕێگاکە وردوخاش بوو.

دوای چەند ساتێک کاسەیەکی ئاودەست کە هێشتا تەختەی جێدانیشتنەکەی پێوەبوو لە هەمان پەنجەرە، بە فڕکە هاتەخوارێ و ڕاست، لەتەنیشت وانەکە، وە عەرزی کەوت و بە دەنگێکی بەسام لەتوپەت بوو. دواتر دیسان چەند شتی تر وەک کاسەی ڕووشویی، ڕکەی قەناری و تەختێکی گەورە بەهەمان شێوە فڕێدرانە دەرێ.

وێدەچوو شێتێک، خەریکە هەموو شتی ژووری ڕادەماڵێ و فڕێیان دەداتە دەرێ چونکە ئەوجار، لەتە پلیکان و دار و پەردووش بە دووی‌دا هاتن.

دواتر وڵات بێدەنگ بوو. زۆر چاوەڕێ بووم بەڵام، هیچ دەنگێک لە ژووری باڵاخانەکەوە نەهات.

لە ڕێگاکە پەڕیمەوە، چووم ڕاست لەبن پەنجەرەکە ڕاوەستام و هەرام کرد: ئەرێ کەس لە ماڵێیە؟

کەس وڵامی نەدامەوە.

خەریک بوو شەو دادەهات و دەبا چووبامەوە ماڵێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە هیچ شتێک نەیدەتوانی ڕێگربێ، لەوەی سبەی بەیانی، بۆ دیتنی سورپڕایزی نوێ، بگەڕێمەوە.

سبەی بەیانی کە هاتمەوە، یەکەم شت کە سرنجی ڕاکێشام دەرگا نوێیەکە بوو. کەسێک دەرگا کۆنە ژەنگاوییەکەی دەرهێنابوو و دەرگایەکی سووری تازەی تێگرتبوو. دەرگا نوێیەکە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو. بەرزییەکەی دووهێندەی دەرگا کۆنەکە بوو. بۆم پرسیار بوو جگە لە دێوەزمەیەک کێ دەرگایەکی ئاوا زەلام دە خانووەکەی دەگرێ.

جگە لەوە، نوسراوەی (فرۆشرا)کەش پاک‌کرابۆوە و لەجیاتیان نووسراوەیەکی دوورودرێژ، هەموو شووشەی دوکانەکەی داپۆشیبوو. بەرامبەری ڕاوەستام، لێی خوردبوومەوە و سرنجم دایە داخوا دەڵێ چی.

زۆرم حەول‌دا جووڵەیەک، ئاماژەیەک، شتێک لە نێو باڵەخانەکەدا بدۆزمەوە بەڵام هیچم بەدی نەکرد تا ئەوەی‌کە لەناکاو لە سیلەی چاومرا، جووڵەیەکم هاتە بەرچاو. یەکێک لە پەنجەرەکانی نهۆمی سەرێ خەریک بوو بە ئەسپایی دەکراوە و سەرێک تێیدا قوت بۆوە.

لە سەرەکەی خوردبوومەوە و ئەویش بە چاوە خڕە ڕەشە گەورەکانی لێم خوردبۆوە.

لەپڕرا پەنجەرەیەکی دیکەی ئەو نهۆمە، لەسەرێ تەواو کراوە و بۆ سەیری دنیایە، باڵندەیەکی زەلامی سپی، بازیدا سەر لێواری پەنجەرەکە.

ئەوەیانم لە دندووکە سەیرەکەیڕا کە وەک دۆدانە دەچوو، دەناسی. کەڵکەکە چاوێکی لێکردم و دەستی پێکرد:

ئای چەندم حەزە
لە ماسییەکی پڕ لە بەزە
زۆر زۆرم برسییە
تەماشای ملم چەندە کزە
ئەرێ دەریا لە کوێی
کەڵکە سپی بۆت وەڕەزە

وڵامم داوە: ئێمە زۆر لە دەریا دوورین، بەڵام ماسی فرۆشێک لە نێو گونددا هەیە، زۆریش دوور نییە.

- ماسی چی؟
- ماسی فرۆش.
- لەبەر عەرزی بەقەوەت!! ئەو چییە؟ ماسیپڵاوم بیستبوو، ماسی برژاو و سوورکراوەشم بیستبوو، بەڵام قەتم ماسیفرۆش نەبیستبوو. دەخورێ؟

ئەو پرسیارە نەختێکی گێژ کردم، هەربۆیە، وڵامم نەداوە و پرسیم:

ئەو هەڤاڵەت کێیە لەو پەنجەری دیکە سەری وەدەر ناوە؟

کەڵک کوتی: ئەوە زەڕافەیە. سەیر نییە؟ لاقی لەسەر عەرزییە و سەری لە نهۆمی سەرێ هاتۆتە دەرێ.

لەو قسانەدا بووین کە پەنجەرەی نهۆمی یەکیش کراوە و مەیموونێک دەرپەڕی دەرێ.

مەیموون لەسەر لێواری پەنجەرەکە خۆیەکی بادا. ئەوەندە کز بوو دەتکوت قاللۆرە خورییان لێ هاڵاندووە، بەڵام ئەوەندە چاک هەڵدەپەڕی، ئەمنیشی وەخۆخست.

مەیموون دەستیپێکرد، گۆرانی شووشەشۆری ئاوا چڕی:

شووشەکانتان بۆ دەشۆین، وەکوو زێڕی بدرەوشێ
وەک ڕۆژ لەسەر دەریایە، بریقەی لێ بنەخشێ
خێرا، خاوێن، بێدەنگین، نایەڵین سەرتان بێشێ

●●●●

کاران دەکەین بە سەیری، تەماشای دەستوبردمان
دەبێ چەپڵەی بۆ لێدەی، بۆ کاری ئەورۆ کردمان
خێرا و ئازا و زۆر باشین، هەموو شارە شایەدمان

●●●●

ئاو و سابوونی دێنین، دەگەڵ هێندێک کار جوانی
نێردیوانیشمان ناوێ، لە عەرزی و لە سەربانی
زەڕافەی شەش میتر بەرز، بۆ چییەتی نێردیوانی

کۆمپانیای شووشەشۆری
بێ‌پەیژەدیوان
شووشەکانتان بەبێ کرێ
وەرگرتن لە هەرجۆرە
پەیژەیەکی
پیس، خاوێن کەینەوە

دواتر گوێم لێبوو زەڕافە بە کەڵکی دەکوت: کەڵکە گیان تکایە ئەو پیاوە چکۆلەی بێنە سەرێ، هێندێکی بدوێنین.

کەڵک دەستبەجێ باڵە زەلامەکانی کردەوە، هاتە خوارێ و لەتەنیشت من، نیشتەوە. دندووکە زەلامەکەی کردەوە و کوتی: بازدە نێو دندووکەکەم.

سەیرێکی دندووکە زەلامە نارنجییەکەم کرد و پاشەوپاش کشامەوە.

مەیموون لەسەرڕێرا هاواری کرد: مەترسێ! قووتت نادا! سەرکەوە.

بە کەڵکم کوت: بەو مەرجە دێمە نێو دندووکەکەت کە داینەخەی.

کەڵک کوتی: مەترسێ! هیچ نییە.

گوێت لێبێ لە منت کەوێ
شاش دندووکی وای دەوێ
دندووکم سێحرئاوییە
نەمهەوێ وێک ناکەوێ
خێرا بازدە و هیچ مەڵێ
مەوەستە هەتا شەوێ

کوتم: ئەمن لە جێی تاریک و داخراو دەترسم. ناچمە نێو دندووکەکەت هەتا سوێندێ نەخۆی کە دایناخەی.

کەڵک کوتی: پێموایە هێشتا لە دندووکی من تێنەگەیشتووی. بۆ کاری لەوجۆرە، ناتوانم دایخەم.

کوتم: پێشانمدە، چۆن.

کەڵک کوتی: سەیرکە!

بە سەرسوڕمانەوە سەیرم کرد کە چۆن بەشی سەرەوەی دندووکەکەی، بەنەرمی دەکشاوە و دەچۆوە دە ناو سەری، لەبەر چاو ون دەبوو.



کەڵک کوتی: خوار دەبێتەوە بۆ پشت ئەستۆم و دەڕواتە خوارێ. سەیر نییە؟ سێحراوی نییە؟

کوتم: سەرسوڕهێنەرە، وەک میترەکەی بابم وایە. ئەگەر لە دەریێە ڕاستە، کە کۆتکردەوە، ون دەبێ.

کەڵک کوتی: ڕاست وایە. هەروەک دەبینی بەشی سەرەوەی دندووکەکەم بۆ هیچ نابێ مەگەر ئەوکاتەی ماسی دەخۆم. بەشی خوارێی دندووکەکەم، وەک ستڵی ئاو وایە. بۆ شووشەشۆردن پڕی دەکەم لە ئاو. ئەگەر بەشی سەرێی ئاوا نەبێ کوا دەتوانم بە دریژایی ڕۆژ دندووکم داپچڕم.

لە بەیانی هەتا شەوێ

دندووکم بۆ کارێ دەوێ

ئەگەر بێت و ئاوا نەبێ

کوا ئەو دندووکە بۆ من دەبێ

دەیکەمەوە قسەش دەکەم

هەر ماسیم گرت قفڵی دەکەم

سێچوار دەوری پێ لێدەدەم

ئەوجار دەیخۆم قووتی دەدەم

مەیموون لەسەر پەنجەرەیڕا هاواری کرد: بەس بەخۆت هەڵبڵێ. خێراکە! ئەو پیاوە چکۆلەی بێنە سەرێ زەڕافە چاوەڕێیە.

خۆم هاویشتە نێو دندووکە زەلامەکەی و کەڵکیش لە شەققەی باڵی دا، خۆی گەیاندەوە سەر لێواری پەنجەرەکە.

زەڕافە لە پەنجەرەکەیڕا چاوی لێ‌کردم و پرسی: چۆنی؟ ناوت چییە؟

پێم کوت: ناوم هاوڕێیە.

زەڕافە کوتی: زۆر باشە هاوڕێ. ئێمە یارمەتی تۆمان پێویستە. هەر ئێستاش پێویستمانە. شووشەمان بۆ خاوێن‌کردنەوە دەوێ. هەرچی هەمان بوو لەو خانوویەمان خەرج کرد. دەبێ پوولێک پەیدا کەین. کەڵک برسییە، مەیموون زۆر زۆر برسییە، ئەمیش ئەوە لەبرسان دەمرم. کەڵک ماسی دەخوا، مەیموونیش گوێزی کاغەزی نەبێ نایخوا. ئەمنیش وەک دەبینی زەڕافەیەکی تایبەتم، زەڕافەی تایبەتیش گەڵای دار ئەرغەوان نەبێ نایخوا. لێرەش پەیدا نابێ. ئەگەر پەیداش بێ، زۆر گرانە.

لەو کاتەدا کەڵک بەدەم گریانەوە کوتی: ئەوەندەم برسییە ماسی تۆپیویش بێ، دەیخۆم.

ئای چ بکەم بۆ ماسییەکی تۆپیو

یا تەشتێک قرژاڵی بۆگەنیو

قەپاڵی لێ داگرم هەروا نەدیو

برسیم بەقەد هەژارێکی هەتیو

هەموو جارێ کە کەڵک قسەی دەکرد، دندووکی بەمنەوە هەڵدەبەزێوە و هەتا بە کوڵتر قسەی کردبا، چاکتر هەڵدەبەزێوە.

مەیموون کوتی: کەڵک نەماوە بۆ باقۆی.

کەڵک کوتی: ئای کوتت! باقۆ! بەدرێژایی رۆژ ئارەزووی دەکەم بەڵام قەتم دەست ناکەوێ.

مەیموون کوتی: ئادی! ئەمیش ئارەزووی گوێزان دەکەم. گوێزێکی تازەی خۆش. خواردنی ئەوەندە خۆشە، بیرلێکردنەوەشی هەڵبەزدابەزم پێدەکا.

ڕاست لەو وەختەدا، ماشێنێکی سپی درێژ، لایدا قەراغ ڕێیەکە و لە بن ئێمە ڕایگرت. شۆفیرێکی بەرگ شینی دەستەوانە لەدەست، نامەیەک بەدەستەوە، دابەزی.

بە دەنگێکی نزم کوتم: خودا وەخێری گێڕێ. ئەوە ماشێنی حاجی سڵەمانییە.

زەڕافە کوتی: حاجیسڵەمان کێیە؟

کوتم: حاجیسڵەمان یەکە دەوڵەمەندی ئەو وڵاتەیە.

شۆفیرەکە لە دەرکی غوڕابیفرۆشی دا و پاشان سەری هەڵهێنا و چاوی بە من و زەڕافە و مەیموون و کەڵک کەوت کە لەسەرێڕا تێیڕامابووین. شۆفیرەکە هیچ نەخەجلا، چۆنکە شۆفیری پیاوی دەوڵەمەند قەت ناخەجلێن.

کابرای شۆفیر کوتی: حاجی کاکسڵەمان یەکە دەوڵەمەندی ئەو وڵاتە ئەمری بە من کردووە، ئەو نامەیە بگەیێنمە دەست کۆمپانیای شووشەشۆری بێنێردیوان.

مەیموون هەرای کرد: بەڵێ ئێمەین.

زەڕافە کوتی: پیاوەتی دەکەی ئەگەر بۆشمان بخوێنێوە.

شۆفیرەکە نامەکەی ئاوا خوێندەوە: بەڕێزان، ئاگادارییەکەی جەنابتانم ئەورۆ بەیانی، کاتێک بەوێدا تێپەڕ دەبووم بینی. ئەمن پەنجا ساڵە لە شووشەشۆرێکی چاک دەگەڕێم کەچی نەمدۆزیوەتەوە. کۆشکەکەی من شەشسەد و حەفتا و حەوت پەنجەرەی هەیە(جگە لە گوڵخانەکەم) و هەر هەموویان، پیسن. پیاوەتی دەکەن هەرچی زووتر بێن، چاوم پێتان بکەوێ. بە سپاسەوە.

شۆفیرەکە بە دەنگێکی پڕ لە ڕێزەوە ئەوەندەی لێ زیاد کرد: بەڕێزیان ئەو نامەیەی بە دەستی خۆی نووسیوە.

زەڕافە کوتی: تکایە بە بەڕێزیان بفەرموو لە زووترین کاتدا دێینە خزمەتیان.

شۆفیرەکە دەستێکی بۆ لە کڵاوەکەی داین و ڕۆیشت.

بە ڕۆیشتنی شۆفیرەکە قریوەی خۆشی لەنێو کۆمپانیای شووشەشۆری بێنێردیوان بڵیند بوو.

زەڕافە کوتی: هاوڕێ، کۆشکی حاجیسڵەمان لە کوێیە و چۆن دەگەینێ؟

کوتم: کۆشکی حاجیسڵەمان بەنێوبانگە. شوێنەکەتان پێشان دەدەم.

مەیموون کوتی: با بڕۆین حاجی‌سڵەمان ببینین.

زەڕافە کەمێک داهاتەوە و لە دەرگا چووە دەرێ. مەیموون لەسەر لێواری پەنجەرەکەڕا بازیدا و خۆی هاویشتە سەر ملی زەڕافە. کەڵکیش کە ئەمنی دە نێو دندووکیدا بوو و لە ترسی گیانم توند خۆم گرتبوو، هەڵفری و لەسەر سەری زەرافە نیشتەوە. بەوجۆرە وەڕێ کەوتین.

زۆری پێ‌نەچوو کە بە هێندێک دڵەڕاوکەوە، گەیشتینە دەرکی کۆشکی حاجی‌سڵەمان.

زەڕافە لێی پرسیم: ئەرێ ئەو حاجیسڵەمانە چۆن پیاوێکە؟

کوتم: وەڵڵا نازانم. بەڵام زۆر زۆر بەنێوبانگ و دەوڵەمەندە. خەڵک دەڵێن بیستودوو باغەوان هەر خزمەتی باغچەی گوڵەکانی دەکەن.

زۆر زوو تەواوی کۆشکەکە وەدیار کەوت. چ کۆشکێک! لە کۆشکیش گەورەتر بوو.

مەیموون کوتی: سەیری ئەو هەموو پەنجەرەیە کەن! بە دڵنیاییەوە هەتا ئاخری تەمەنمان بێکار نابین.



لەو قسانەدا بووین کە لەپڕڕا دەنگی پیاوێک سرنجی بۆلای ڕاست ڕاکێشاین.

پیاوەکە دەیگوڕاند: ڕەشە گەورەکەی سەرێم دەوێ. ئەو نانا. ڕەشە گەورەکە.

لە پشت پەرژینێکرا ڕوانیمان. پیرەپیاوێک بە سمێڵێکی سپی زەلامەوە، بە گۆچانەکەی دەستی ئاماژەی بۆ ترۆپکی دارگێلاسێک دەکرد. نێردیوانێکیش بە دارگێلاسەکەوەبوو و کەسێک کە وێدەچوو باغەوان بێ، لەسەر دوا پلیکانی نێردیوانەکە، ڕاوەستابوو.

پیرەپیاوەکە بە دەنگێکی بەرز دەیکوت: ئەو دەنکە ڕەشە زەلامەم بۆ لێکەوە.

باغەوانەکەش دەیکوت: گەورەم! دەستم نایگاتێ نێردیوانەکە قوڵەیە.

حاجی‌سڵەمان نەڕاندی: حەک بەزیادم نەکردی! چەند وەختە ئەمن چاوەڕێی ئەو دەنکە زەلامەی دەکەم بگات.

کەڵک کوتی با بڕۆین. یەکسەر بۆ سەر دارگێلاسەکە هەڵفڕی و لەوێ نیشتەوە. بەسرتە پێی کوتم: هاوڕێ خێراکە! گێلاسەکان لێکەوە و دە دندووکمیان باوێ.

بەدیتنی ئەو باڵندە زەلامە، باغەوان لەترسان لەسەر نێردیوانیڕا بەربۆوە. لە خوارەوەش حاجی‌سڵەمان هاواری دەکرد: تاپڕەکەم بۆ بێنن. باڵندەیەکی زەلام خەریکە گێلاسەکانم دەدزێ. بڕۆ لێرە! دەست بۆ گێلاسی من مەبە دەنا دەتئەنگێوم.

کەڵک دیسان بە سرتەوە کوتی: خێراکە هاوڕێ خێراکە.

حاجی سڵەمان لەسەر باغەوانی دەگۆڕاند: هەستە هەی بێ‌مێشک! بڕۆ ئەو تاپڕەم بۆ بێنە، هەتا بیکەمە بێژینگ.

ئەوجار ئەمن بە سرتەوە کوتم: هەمووم لێکردەوە.

دەستبەجێ کەڵک هەڵفری و لووربووە خوارێ، چوو لە بن دەمی حاجیسڵەمان کە خەریک بوو گۆچانەکەی بە قەڵسی ڕادەوەشاند، نیشتەوە.

هاوکات کە خۆم هاویشتبووە سەر لێواری دندووکی کەڵک و لۆچێکم گێلاس خولقی حاجیسڵەمانی دەکرد، کوتم: فەرموو بەڕیز گێلاسەکانت.

حاجیسڵەمان کە بە دیتنی ئەو وێنەیە چاوی زەق ببوون، بەسەرسوڕمانەوە پرسی: تەح! ئەی خودایە گیان! ئەوە چییە؟ ئەنگۆ کێن؟

لەو کاتەدا زەڕافە دەگەڵ مەیموون کە خەریک بوو لەسەر ملی سەمای دەکرد، لە پشت پەرژینیرا قوت بوونەوە. حاجیسلەمان کە حەپەسابوو تاوێک لێیان ڕاما و پاشان گوڕاندی: ئەو داعبا سەیروسەمەرانە کێن؟

مەیموون هەڵیدایە: ئێمە شووشەشۆرین.

شووشان دەشۆین بە دەستی

جوانیان دەکەین بە ڕاستی

وەکوو زێوی بدرەوشێ

بریقەی لێ بنەخشێ

بۆت دەکەین کاران ئاوا

هەتاکوو ڕووحمان ماوە

ئازا و خێرا و زۆر هێمن

کەڵک و زەڕافە و ئەمن

زەڕافە کوتی: بەڕێزا! ئێمە لەسەر بانگهێشتی جەنابتان لێرە ئامادەین.

وردەوردە حاجی‌سڵەمان خەریک بوو دەهاتەوە سەرخۆ. گێلاسێکی دەزاری هاویشت و وردورد دەیجوو. هەرکە دەنکەکەی فڕێدا دەرێ کوتی: ئەو گێلاس لێکردنەوەتانم زۆر بەدڵ بوو. دەتوانن پاییزێش سێوەکانم ئاوا بۆ لێکەنەوە؟

هەموو لێکرا کوتمان: دەتوانین، بەڵێ دەتوانین.

حاجی‌سڵەمان بە گۆچانەکەی ئاماژەیەکی بە من کرد و کوتی: ئەدی ئەوە کێیە؟

زەڕافە کوتی: ئەوە هاوڕێیە. بەڕێوەبەری کارەکانمانە. بەبێ هاوڕێ ناچینە هیچ کوێیەک.

حاجی‌سڵەمان لەبەرخۆیەوە کوتی: زۆر باشە. بەدوامدا وەرن بزانم کارتان پێدەکرێ.



ئەمن لە دندووکی کەڵک دابەزیم و هەروا کە خەریک بووین بەرەو کۆشکی حاجیسڵەمان دەڕۆیشتین، باوکانە دەستی منی گرت. کاتیک گەیشتینە تەنیشت کۆشکەکەی، حاجیسڵەمان کوتی: با بزانم چ دەکەن!

زەڕافە کوتی: زۆر ئاسانە بەڕێزم. ئەمن نێردیوانم. کەڵک ستڵە و مەیموونیش دەشوا. سەیرمان کە!

بەوجۆرە ئەو گرووپە بەنێوبانگە کەوتنە کار. مەیموون لەسەر ملی زەڕافە هاتە خوارێ و شێرەی ئاوی کردەوە. کەڵک دندووکی وەبەر شێرەکە گرت، هەتاکوو پڕ بوو. مەیموون دیسان بە خێرایی خۆی گەیاندەوە سەر ملی زەڕافە. ئەوەندە چاک وەسەر دەکەوت دەتکوت وەسەر داران دەکەوێ. یەکودوو خۆی گەیاندە سەر

سەری زەڕافە. کەڵک لەسەر زەوی وەستابوو و ویڕای ئێمە سەیری زەڕافەی دەکرد.

زەڕافە بانگی کرد: لەپێشدا نهۆمی سەرێ خاوین دەکەینەوە. ئەو ئاوەی بێنە سەرێ.

حاجیسڵەمان کوتی: گوێ مەدەنە دوو نهۆمی سەرێ، نایگەنێ.

زەڕافە کوتی: کێ دەڵێ نایگەینێ؟

حاجیسڵەمان بە تۆزێک قەڵسیێوە کوتی: ئەمن دەڵێم. پێویست ناکا بەو ملە ناقۆڵایەت، لەوسەرەی خۆتان تووشی مەترسییەک بکەن.

ئەگەر دەتانهەوێ ببنە هەڤاڵی زەڕافەیەک، قەت بە ناحەزی باسی ملی مەکەن، چونکە شانازی بە ملی دەکا.

زەڕافە بە تورەیی کوتی: ملی من چییەتی؟

حاجیسڵەمان نەڕاندی: هێندەم دەگەڵ مەڵێوە بوونەوەری بێمێشک. دەڵێم نایگەیەی! نایگەیەی، تەواو! ئێستاش خەریکی کارەکەت بە.

زەڕافە بە بزەیەکی پڕ لە متمانە بەخۆبوون کوتی: بەرێزم! هیچ

پەنجەرەیەک لە دنیادا نییە کە ئەمن بەو ملە سێحراوییەم نەتوانم بیگەمێ.

مەیموون کە خەریک بوو لەسەر سەری زەڕافە، هەڵپەرکێیەکی پڕمەترسی دەکرد هەرای کرد: دا پێشانیدە... پێشانیدە با بزانێ دەتوانی چ بەو ملەت بکەی.

بەو هاندانە، زەڕافە کە ملی خودا دەزانێ تا ئێستا چەند درێژ بوو، درێژ و درێژتر بوو.... دیسانیش درێژتر هەتا سەری زەڕافە گەیشتە ئاستی پەنجەرەکانی نهۆمی ئاخر.

مەیموون لەو سەرەڕا چاوێکی لە خوارێ کرد و بە حاجی‌سڵەمانی کوت: پێت چۆنە؟

حاجی‌سڵەمان زاری ڕەق ببوو، ئەمنیش هەروەتر. ئەوە سەرسوڕهێنەرترین شتێک بوو کە لە هەموو تەمەنمدا دیتوومە. تەنانەت لە دندووکی کەڵکیش سەیرتر بوو.

لەو سەرە زەڕافە خەریک بوو، بۆخۆی گۆرانی دەکوت بەڵام ئەوەندە بە سەبری دەیکوت، بە زەحمەت لێی تێدەگەیشتم. پیموایە شتێکی ئاوا بوو:

ملم دەکێشمەوە بە کەیفی خۆم

بەرزی دەکەم هەزار نهۆم

ناچێ هەڵۆ ئەو جێی دەڕۆم

نەکا بچی برِوانی بۆم

کەڵک بە دندووکی زەلامی پڕ لە ئاوەوە، هەڵفڕی و چوو لەسەر لێواری پەنجەرەکە، نزیک مەیموون هەڵنیشت. بەوجۆرە کاری ئەو کۆمپانیایە دەستی پێکرد.

دەست‌وبردیان سرنجڕاکێش بوو. هەر پەنجەرەیەک تەواو دەبوو زەڕافە مەیموونی بۆ پەنجەرەیەکی دیکە دەگواستەوە.

کاتێک هەموو پەنجەرەکانی نهۆمی چواری، بەریکی کۆشکەکە تەواو بوو، زەڕافە ملی خڕ کردەوە هەتا مەیموونی گەیاندە ئاستی نهۆمی سێ و سەر لەنوێ دەستیان پێکردەوە.



حاجی‌سلەمان گوڕاندی: سەیرە، ناوازەیە زۆر سەرسوڕهێنەرە. چل ساڵە ئەمن لەو شووشانەڕا دیوی دەرێم نەدیتووە. کاتی ئەوەیە لە ژووری دانیشم و کەیف بەو دیمەنانە بکەم.

دەو قسانەدا بووین کە لەناکاو دیتم ئەو سێ شووشەشۆرە، بەرامبەر دیواری کۆشکەکە ڕەق بوون و وەک مردوو بەبێ جووڵە ڕاوەستان.

حاجی‌سلەمان لێی پرسیم: چی بوو؟ چییان لێهات؟

وڵامم داوە: نازانم

پاش تاوێک زەڕافە کە مەیموونیشی لەسەر ملی بوو، بە ماتەمات لە کۆشکەکە دوور کەوتەوە و بۆ لای ئێمە هات. کەڵکیش دەگەڵیان هات. زەڕافە سەری هەتا بن گوێی حاجیسڵەمان هێنایە خوارێ و بەسرتە پێیکوت: بەڕێزم پیاوێکی دەمانچە بەدەست لە یەکێک لە ژوورەکانی نهۆمی سەرێ خەریکە کمۆدەکان دەپشکنێ.

حاجیسڵەمان بە بیستنی ئەو قسەیە، ڕمبێک لەجێی خۆی دەرپەڕی و بە تووڕەیی کوتی: کامە ژوور؟ پێشانمدە خێرا.

زەڕافە بە سرتە کوتی: نهۆمی سێ، ئەو ژوورەی پەنجەرەکانی کراوەیە.

حاجی‌سڵەمان گوڕاندی: یا خودا هاوار! ئەوە دیوی حاجی‌ژنێیە. لە زێڕەکانی دەگەڕێ. زەنگ بۆ پۆلیسی لێبدەن. ئەرتەشی بانگ بکەن. هێزی وشکانی بە تۆپەوە بێنن.

حاجی‌سڵەمان خەریکی ئەو قسانە بوو کە کەڵک هەڵفڕی. لە کاتی هەڵفڕینەکەی‌دا خۆی سەراوبن کرد و ئاوەکەی ڕشت. پاشان ئاگام لی بوو کە خەریک بوو بەشی سەرەوەی دندووکەکەی دەهێنایە دەرێ وەک ئەوەی خۆی ئامادەی کارێک بکا.

حاجی‌سڵەمان گوڕاندی: ئەو باڵندە شێتە خەریکی چییە؟

مەیموون بە دەنگێکی بەرز کوتی: ڕاوەستە و ببینە. هەناسەت ڕاگرە و چاوت مەترووکێنە پیرەپیاو! بزانە کەڵک چ دەکات.

کەڵک وەک فیشەک لەوسەرەڕا لووربووە پەنجەرە کراوەکە و چووە ژوورێ. پاش چەند چرکەیەک، بە دندووکی داخراوەوە هاتە دەرێ و لە تەنیشت حاجی‌سڵەمان نیشتەوە.

دەنگی تەقەتەقێکی بەهێز لە نێو دندووکیرا دەهات، وەک ئەوەی یەکێک بە چەکوچ دندووکەکەی بکوتێ.

مەیموون قیژاندی: کەڵک گرتی. کەڵک دزەکەی گرت.

حاجیسڵەمان کە لە خۆشیان حەجمینی نەبوو، گوڕاندی: بژی پیاوە بژی.

لەناکاو دەسکی گۆچانەکەی بادا و شمشیرێکی تیژی بریقەداری لێ دەرکێشا. هاوکات کە وەک کەسێکی شارەزا، شمشیرەکەی هەڵدەسوڕاند گوڕاندی: دندووکت بکەوە با ئەو شمشیرەی دە ورگی ڕۆکەم. وای دە ورگی ڕۆکەم بۆ خۆشی نەزانێ چی بە سەر

هات. وەک سەلکە پەنیر، بە بزماریۆەی دەکەم. ڕیخۆڵەی دەدەم بە تاجییەکانم.

بەڵام کەڵک دندووکی نەکردەوە و وەک ئاماژەیەک بۆ حاجیسڵەمان، سەری بادا.

زەڕافە کوتی: گەورەم ئەو دزە دەمانچەی پێیە. کەڵک دندووکی بکاتەوە، هەموومان دەئەنگێوێ.

حاجیسڵەمان هاوکات کە سمێڵەکانی وەک قامیش قرژ ببوون گوڕاندی: با پێی بێ! دەگەل ئەو نالەبارەم پێدەکرێ. بیکەوە کاکە! بیکەوە!

لەپڕڕا دەنگی تەقەیەک کەڵک و حاجیسڵەمانی میترێک دە حەوا کرد. حاجیسڵەمان هەروا کە خەریک بوو پاشەوپاش دەکشاوە زیڕاندی: نەیکەیەوە کاکە! نەیکەیەوە! توندی داخە. ئەوە خەریکە بە فیشەک ڕێ دەکاتەوە هەتا خۆی دەرباز کا. بیکەیەوە قەت تاقەیەکمان، ناهێڵێ.

زەڕافە هەرای کرد: کەڵکە گیان بیشڵەقینە. پەراسووی هەموو تێککەوە. وای لێ بکە ئیدی ئیشتیای دزی، نەکاتەوە.

کەڵک دەستیپێکرد، سەری وا ڕادەوەشاند کە جگە لە تارماییەک هیچ دیار نەبوو. دزەکەش لەوانەیە دەردی دۆی نێو مەشکەی بەسەر هاتبێ.

زەڕافە کوتی: بژی کەڵکە گیان! بیشڵەقێنە! وای لێبکە نەتوانێ تەقە بکاتەوە.

لەوکاتەدا پیریژنێکی پانوپۆڕی پرچ خەنەیی، بە قیژەقیژ لە کۆشکەکە دەرپەڕی دەرێ.

- زێڕەکانم، گوارەکانم، بازنەکانم.... گەسکیان لێدا! هەموویان دزی.



ئەو پیریێژنە پان‌وپۆڕە کە پەنجاوپێنج ساڵ لەمەوبەر گۆرانیبێژێکی بەنێوبانگ بوو، لەپڕا ئەو گۆرانییەی چڕی:

زێڕەکانم هەمووی دزران، هەمووی دزران

گوارەکانم، بازنەکانم، هەمووی دزران

کوانێ دۆستێک، یارمەتیم کا، وەدەستیان خا

دڵخۆشم کا، سەرخۆشم کا، وەکوو جاران

ئێمە هەموومان جگە لە کەڵک ئەوەندە بە دەنگی ئەو پیریێژنە سەرسام بووین کە دوابەدوای ئەو دەستمان پێکرد:

بێنەوە تۆ، تۆ بۆی بێنەوە، هەموو زێڕەکان

زێڕی وی بێنە، بە هەر دوو دەستان

دوایی حاجی سڵەمان هاوکات کە ئاماژەی بە کەڵک دەکرد کوتی: حاجیژن ئارام بە! ئەو باڵندە زرینگە، ئەو بوونەوەرە دزگرە سەرسوڕهێنەرە، ڕزگاری کردین. دزەکە ئێستا لە نێو دندووکی دایە.

حاجیژن چاوێکی لە کەڵک کرد و کەڵک چاوی لێ کردەوە و وەک ئاماژەیەک چاوێکی داگرت.

حاجیژن قیژاندی: ئەگەر دەوێدایە بۆ بەری نادەن و ئەتۆش بەو شمشیرە بەنێوبانگەت وەدوای ناکەوی؟ زێڕەکانم دەوێتەوە. دندووکت بکەوە.

حاجیسڵەمان نەڕاندی: نابێ نا. دەمانچەی پێیە، هەمووман دەکوژێ.

دیار بوو کەسێک پەیوەندی بە پۆلیسەوە کردبوو چونکە زیاتر لە چوار ماشێن بە ئاژیر لێدان و بەپەلە بۆ لامان دەهاتن.

لە چەند چرکەیەکدا شەش پۆلیس دەورەیان داین. حاجیسڵەمان پێی دەکوتن: ئەو ناجسنەی لێی دەگەڕێن دە دندووکی ئەو باڵندەیەی دایە. بۆ قۆڵبەستکردنی ئامادە بن.

بە کەڵکیشی دەکوت: بۆ کردنەوەی ئامادە بە. ئامادەی؟ سەبر سەبر ... بیکەوە.

کەڵک دندووکە زەلامەکەی کردەوە و دەستبەجێ پۆلیسەکان خۆیان بە دزەی دادا. دەمانچەکەیان لێ‌ئەستاند. دەریانکێشا دەرێ و قۆڵبەستیان کرد.

فەرماندەی پۆلیسەکان هاواری کرد: بژین کوڕینە! بژین! ئەوە خولەدزەیە، ڕاست بۆخۆیەتی.

فەرماندەکە کوتی: خولەدزە زرینگترین و مەترسیدارترین دزی دنیایە. دەبێ بە لوولەی پلووسکی سەربانی‌دا وەسەر کەوتبێ. خولەدزە بە هەموو جێیەکدا دەتوانێ سەرکەوێ.

حاجیژن هاواری کرد: زێڕەکانم! زێڕەکانم دەویتەوە! زێڕەکانم لە کوێن؟

فەرماندەی پۆلیسەکان هاوکات کە لۆچێک زیرۆزەمبەری لە گیرفانەکانی خولەدزە دەکێشا دەرێ کوتی: ئەوەتان زێڕەکانت حاجیژن.

حاجیژن لە خۆشیان دڵی لەخۆبۆوە و کەوتە ئەرزی.

کاتێک پۆلیسەکان خولەدزەی بەنێوبانگیان بە قۆڵبەستی برد و قەرەواشەکان حاجیژنیان بە بێهۆشی بردەوە ژووریّ، هەموومان دەگەڵ حاجیسڵەمانی لەسەر چیمەنەکە ڕاوەستا بووین کە مەیموون بە سەرسوڕمانەوە کوتی: سەیر کەن گوللەی ئەو دزە، دندووکی کەڵکی بێچارەی کون کردووە.

کەڵک کوتی: بەڵێ کونی کردووە. تازە چیدی بۆ ئاو بردنیش نابیّ.

حاجیسڵەمان دەستێکی بەڕوحمی بە سەر دندووکەکەی داهێنا و کوتی: خۆت ناڕاحەت مەکە کەڵکی ئازیزم. شۆفیرەکەم هەر ئێستا بەو ئامرازەی تەگەرەکانی ماشێنەکەمی پێ پینە دەکات، بۆت پینە دەکات. شتی گرینگتر لەو کونە چکۆلەی دندووکت هەیە لەسەری بدوێین.

هەموو چاوەڕێ بووین بزانین حاجیسڵەمان دەڵێ چی.

حاجیسڵەمان کوتی: هەمووتان گوێ بگرن. ئەو زیڕانەی ئێوە پاراستتان، بەهایان میلیۆن میلیۆن میلیۆن بوو.

مەیموون سەرێکی بۆ لەقاند. زەڕافە بزەیەکی هاتێ. کەڵکیش لە شەرمان سوور بۆوە.



حاجیسڵەمان درێژەی بە قسەکانیدا: ئەگەرچی هیچ پاداشێک ناتوانێ وڵامدەری ئەو چاکەتان بێت، بەڵام دەمهەوێ پێشنیارێکتان بدەمێ کە هیوادارم ببێتە مایەی خۆشیتان. مەیموون، کەڵک و زەڕافە داواتان لێدەکەم هەتا هەتایە لەسەر مڵکی من بژین. هەربۆیە، گەورەترین کادێنی خۆم وەک خانووی تایبەت دەدەم بە ئێوە. سۆبەی تایبەت، حەمام، چێشتخانە و هەر شتێکی دیکە کە بۆ ژیانێکی ئاسوودە پێویستتان بێ بۆتان دادەمەزرێنم. لە وڵامدا ئێوەش شووشەکانم خاوێن ڕاگرن و گێلاس و سێوەکانم بۆ لێکەنەوە. ئەگەریش کەڵک پێی خۆش بوو جارجار بەو دندووکەی دەورێکم پێلێدا.

کەڵک کوتی: مایەی دڵخۆشیمە گەورەم. پێتان خۆشە ئێستا دەورێک لێدەین؟

حاجیسڵەمان کوتی: لێی گەڕێ بۆ پاش چای.

لەو کاتەدا زەڕافە نەرمە کۆخەیەکی کرد و چاوی بڕیە ئاسمان.

حاجیسڵەمان پرسی: گرفت چییە؟ بیڵێ با بزانین.

زەڕافە بە مینگەمینگەوە کوتی: پێم خۆش نییە بڵێی پێنەزان و چاونەزێرن. ئێمە گرفتێکی گەورەمان هەیە. ئێمە بەڕاستی قڕان لێدراوین و چەندین ڕۆژە هیچمان نەخواردووە.

حاجیسڵەمان کوتی: زەڕافەی ئازیزم! بەڕاستی بێمێشک بووم. لێرە خواردن گرفت نییە.

زەڕافە کوتی: بەداخەوە هەموو شتێک هەروا ئاسان نییە. هەروەک دەبینن ئەمن....

حاجیسڵەمان گوڕاندی: بە من مەڵێ! بۆخۆم دەزانم. ئەمن کارناسی بوونەوەرەکانی ئافریقام. ئەو کاتەی دیتمی زانیم کە ئەتۆ زەڕافەیەکی تایبەتی. وا نییە؟

زەڕافە کوتی: بەڵێ ڕاست دەفەرمووی بەڵام گرفتی ئێمە ئەوەیە کە تەنیا....

حاجیسڵەمان گوڕاندی: پێویست ناکا بە منی بڵێی. بە باشی دەزانم کە زەڕافەیەکی تایبەت تەنیا جۆرێک خواردن دەخوا. زەڕافەی تایبەت تەنیا گەڵای دارئەرغەوان دەخوا. وا نییە؟

زەڕافە ئاخێکی هەڵکێشا و کوتی: بەڵێ ڕاست دەفەرمووی. هەر ئەوەش بۆتە گەورەترین گرفتی من لەو کاتەوە گەیشتوومەتە ئەو کەنار ئاوانە.

حاجیسڵەمان کوتی: زەڕافەی ئازیزم ئەو شتانە لەسەر ملکوماشی حاجیسڵەمان گرفت نین. سەیری ئەوبەری بکە. دارستانێک لە دارئەرغەوان.

زەڕافە سەیری کرد. سەری سوڕما. لەخۆشیان هیچ قسەیەکی بۆنەهات. چاوی پڕ بوون لە ئاو و فرمێسکەکانی هاتنە خوارێ.

حاجیسڵەمان کوتی: شەرمێ مەکە. بە ئیشتیای خۆت بخۆ.

زەڕافە کە لە خۆشیان باوەڕی نەدەکرد، چوارناڵ غاریدا و بە قاقا خۆی گەیاندە دارئەرغەوانەکان. هەر ئەوەندەمان دیت کە لە نێو دارستاندا ون بوو.

حاجیسڵەمان ئاوا درێژەی بە قسەکانی دا: لەبابەت مەیموونەوە پێموایە بەو شتەی کە ئێستا دەیڵێم زۆر دڵخۆش دەبێ. مڵکوماشی من پڕە لە دارە گوێز، هەزاران دارە گوێزی زەلام..

مەیموون پرسی: گوێز؟ چ چۆرە گوێزێک؟

حاجیسڵەمان کوتی: هەڵبەت گوێزی کاغەزی.

مەیموون قیژاندی: گوێزی کاغەزی!! نا پێموانەبێ مەبەستت گوێزی کاغەزی ڕاستی بێ. فشەم پێ دەکەی! بەڕاستیت نییە. گوێم زرینگاوەتەوە.

حاجیسڵەمان هاوکات کە بە دەست ئاماژەی دەکرد کوتی: دارە گوێزێک ئەوەتا لەهۆوەیە.

هەر ئەوەندەمان دیت کە مەیموون وەک فیشەکی دەرپەڕی و خۆی گەیاندە سەر دارە گوێزی. پڕی بە گوێزان دادەگرت، تۆکڵەکەی دەشکاندن و کاکڵەکەی بە ئیشتیا دەخواردن.

حاجیسڵەمان کوتی: ماوە کەڵک!!

کەڵک بە دڵەڕاوکەوە کوتی: بەڵێ! بەڵام بەداخەوە ئەو شتەی ئەمن دەیخۆم لە سەر داری شین نابێتەوە. ئەمن تەنیا ماسی دەخۆم. داخودا بۆتان زەحمەت نابێ ئەگەر ئەمن ڕۆژێ داوای لەتە ماسییەک بکەم؟قاشە بێ یا باقۆ.

حاجیسڵەمان وەک ئەوەی وشەکانی تامی زاری ناخۆش کەن بە پڕتاو دەریپەڕاندنە دەرێ: چاو لەوبەری کە! بەرەو باشوورر. چاو لێکە!

کەڵک چاوی بڕییە ملکوماشە پانوبەرینەکە و چۆمێکی گەورەی لە دوورەوە دیت.

حاجیسڵەمان کوتی: ئەوە چۆمی مەجیدخانە. باشترین چۆمە بۆ باقۆ لە هەموو کوردستان.

کەڵک قیژاندی: باقۆ!! شۆخی دەکەی! بە ڕاستیت نییە.

حاجیسڵەمان کوتی: ئەو چۆمە پڕ لە باقۆیە. هەمووی ئی منە. بڕۆ کەیفێ بکە.

هێشتا حاجیسڵەمان قسەکەی تەواو نەکردبوو کە کەڵک لە شەققەی باڵیدا و ڕۆیشت. دەگەڵ حاجیسڵەمان سەیرمان کرد کە چۆن بە خێرایی بۆ لای چۆمەکە هەڵفری و بۆ ماوەیەک

لەسەر چۆمەکە سووڕاوە، ئەوجار لووربووە خوارێ. تاوێک ون بوو، لە پاشان، باقۆیەکی زەلام بە دندووکەوە، هەڵفڕیوە.

دەگەڵ حاجیسڵەمان لە سەر چەمەنەکان لە تەنیشت کۆشکەکەی وەستا بووین کە کوتی: دەی هاوڕێ گیان! پێمخۆشە کە هەموو بە ئاوات گەیشتن. بەڵام ئەدی ئەتۆ کوڕی باش؟ نازانم داخودا هیچ ئاواتێکت بۆخۆت هەیە یا نا. ئەگەر هەتە پێمخۆشە بیزانم.

بەری دەستم خورا. هەستم کرد کە قەرارە بە زوویی شتێکی گەورە بۆ من بقەومێ.

بە دڵەڕاوکە و مینگەمینگەوە کوتم: بەڵێ! تاقە ئاواتێکم هەیە.

حاجیسڵەمان بە دەنگێکی نەرم و هێدی کوتی: بیڵێ! چییە؟

کوتم: لەو گەڕەکەی لێی دەژیم، کۆنە خانوویەکی داری لێیە. غوڕابیفرۆشی پێدەڵێن. لە کۆنەوە شیرینیفرۆشی بووە. بە ئاواتەوەم کەسێک پەیدا بێ و سەرلەنوێ بیکاتەوە بە شیرینیفرۆشییەکی باش.

حاجیسڵەمان کوتی: کەسێک؟ یانی چی کەسێک؟ پێکەوە دەیکەین. پێکەوە دەیکەین بە باشترین شیرینیفرۆشی دونیایە و ئەتۆ کوڕم، دەبی بە خاوەنی.

هەرکاتێک حاجیسڵەمان کەیفیساز دەبوو سمێڵەکانی قنج دەبوون و هەڵبەزدابەزیان دەکرد. ئەو کاتەش وەک ئەوەی سمۆرە ڕمبازێنی لەسەر دەموچاوی بکا دەستیان بە هەڵبەزدابەزی کرد. هاوکات کە لە خۆشیان گۆچانەکەی

هەڵدەسوڕاند کوتی: دەبێ ئەورۆ ئەو شوێنەی بکڕم. دوایی دەستبەکار دەبین و هەموو شتێک بە خێرایی ئامادە دەکەین. سەبرکە و ببینە چ شیرینیفرۆشییەک لەو غوراِبیفرۆشییەی ساز دەکەم.

جێگای سەرسوڕمان بوو کە چۆن هەموو کارەکان بە خێرایی دەچوونە پێش. لەبابەت کڕینی شوێنەکەوە هیچ گرفتێک نەبوو چونکە خاوەنەکەی زەڕافە و مەیموون و کەڵک بوون و بۆخۆیان داواکار بوون کە بێبەرامبەر بیدەن بە حاجیسڵەمانی.

وەستا و دارتاش پێوەربوون و دەستیانکرد بە نۆژەنکردنەوەی ژوورەکەی و کردیانەوە سێ نهۆم. لە هەر نهۆمێکدا چەندین و چەند هەرزاڵیان دانا و هەر هەموویان بە نێردیوان تەیار کران، بۆ ئەوەی دەستیان پێڕابگا. قەرتاڵەش بۆ کڕیاران تەرخان کرا.



لەپاشان قەرتاڵەی سەر هەرزاڵان بە نوقڵ و شیرنی و شیرنیات و باقلەوا و هەزار جۆر شیرنی تر، پڕکران. هەمووی ئەو شتە سەیروسەمەر و سرنجڕاکێشانە بە فڕۆکە لە وڵاتانڕا دەهاتن.

شیرنیاتی تایبەت لە چینڕا، شیرنی جۆراوجۆر لە دانمارکیڕا، گەز لە ئێرانڕا، شۆکۆلیات لە برازیلڕا، باقلەوا لە تورکیاڕا و قاوت و ئاردە توو لە کوردستانڕا دەهاتن. بە درێژایی دوو حەوتووان، قودووی جۆراوجۆر لە چوار گۆشەی دنیایەڕا بەلێشاو دەهاتن بەجۆرێک ئەمن نەمتوانی چیتر لێیان بکۆڵمەوە داخوا لە کوێڕا هاتوون.



لە ڕۆژی کرانەوەیدا بڕیارم دا هەموو شتێک خۆڕایی بێ، هەربۆیە، شوێنەکە لەبەر هرووژمی حەشیمەت، جمەی دەهات. کامێرای تەلەڤیزیۆنەکان و هەواڵنێری ڕۆژنامەکان هەموو لەوێ ئامادە بوون. حاجیسڵەمان و هەڤاڵانم، زەڕافە و کەڵک و مەیموون لە بەر دەرگاکە وەستابوون و چاویان بڕیبووە ئەو دیمەنە سرنجڕاکێشە. بۆ چەند خولەکێک لە شیرینیفرۆشی هاتمە دەرێ و وەک دیاری، بۆ هەرکامیان قودوویەک شیرینیاتی زۆر تایبەتیم هێنا.

چونکە هەواکەی سارد بوو، هێندێکم شیرینیاتی تایبەتی وڵاتی ئایسلەند بۆ حاجیسڵەمانی هێنا. لە سەری نووسرابوو کە بەکاربەرانی دڵنیا دەکەنەوە کە هەرکەس ئەو شیرینیاتە بخوا، وەک تەندوور گەرم دادێ، تەنانەت ئەگەر بە چلەی زستانێ بەڕووتی لە ساردترین شوێنی زەوی وەستابێ. هەرکە حاجیسڵەمان شیرینیاتەکەی قووتدا دووکەڵێکی یەکجار زۆر بە پڕتاو بە هەردووک کونەلووتە پیرەکانیدا هاتە دەرێ بەجۆرێک بۆ ساتێک پێموابوو سمێڵەکانی دەگەڵ خۆی برد.

حاجی‌سلەمان هاواری کرد: ناوازەیە، سەرسوڕهێنەرە. قوتوویەک لەو شتە دەگەڵ خۆم دەبەمەوە بۆ ماڵێ.

توورەکەیەکیشم ئاردەتووی هەورامانی دا بە زەڕافە. ئەو ئاردەتوویەی لە دارەتووەکانی لاخڕەکانی هەورامان، بەرهەم دێت و دەگەڵ خواردنی، دیمەنی سرنجڕاکێشی ئەو ناوچەیەت دێتە بەرچاو.

زاڕافە لە کاتێک‌دا، شیرنایی ئاردەتوو لە قوڕگی ئاوا دەبوو و بە ملە درێژەکەیدا دەچووە خوارێ، کوتی: ئەوە زۆر خۆشە تەنانەت لە گەڵای دارئەرغەوانیش خۆشترە.

بۆ کەڵک، زارجوویەکم پڕ بە دندووکی بنێشتی کوردی دایە. ئەو بنێشتەی وەک دەازانن ئەو منداڵانە دەیکرن کە بە دەم ڕێگاوە ناتوانن بە فیتوو moوزیک بژەنن. ئەو بنێشتە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کەڵک هەبوو بە جۆرێک هەرکە دە دندووکی هاویشت، یەکسەر وەک بولبول دەستیکرد بە چڕین، لە کاتێکدا کەڵک باڵندەیەک نییە کە قەت بخوێنێ.

قوتوویەکم لەو نوقڵە ڕەشە وردانەش دا بە مەیموونی، ئەو نوقڵانەی بە منالانی خوار تەمەن چوار ساڵ نافرۆشرێن.



کاتێک یەک دانەی قووت دەدی بۆ خولەکێک دواتر، هەناسەت گڕ دەگرێ و دەتوانی بە فوو کردن، باوەشێک ئاگر بە بەرزی شەش میتر بۆ ئاسمان بنێری.

مەیموون هەرکە دانەیەکی دە زاری هاویشت، هەناسەی گڕی گرت. حاجیسڵەمان شەمچەیەکی لەبەر دەمی مەیموون ڕاگرت و گوڕاندی: فووی لێ بکە مەیموون، فووی لێ بکە! دەگەڵ فووی مەیموون، کۆگایەک ئاوری سوور، بە بەرزی باڵەخانەکە، هاتە دەرێ. زۆر سەرسوڕهێنەر بوو.

لەوکاتەدا کوتم: دەبێ ئێستا بەجێتان بێڵم. دەبێ بڕۆم چاودێری مشتەرییەکانم بکەم.

زەڕافە کوتی: ئێمەش دەبێ بڕۆین. سەد پەنجەرەمان هەیە کە دەبێ پێش تاریک بوون، خاوێنیان بکەینەوە.

ماڵئاواییم لە حاجیسڵەمان کرد و دوای ئەو، ماڵئاواییم لەو باشترین هەڤاڵانەی هەموو ژیانم کرد. لەپڕڕا هەموو بێدەنگ و دڵتەنگ بووین و مەیموون لە حاڵێکدا کە چاوی پڕ لە گریان بوو ئەو گۆرانییەی بۆ کوتم:



بە حوزنەوە، خواحافیزیت لێ دەکەین
و بەجێی دێڵین ئەو دوکانە

وەرە با تێر تەماشات کەین
چونکە ئەوە دوا دیدارە

لەبەر ئەوەی ئێمە تۆمان
زۆر خۆش دەوێ

زوو زوو وەرە، با بتبینین،
نەوەک جارێک هەزار بارە.